IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT

Kurdistan-hawler

No:
Date:

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**کوردستان ـ هەولێر**

ژمارە:

بەروار : ٢٠١٩/١١/

(مۆر: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە: ١٨٨٥، بەروار: ٢٠١٩/١١/١٠، بەشی کاروباری لیژنەکان)

## بۆ /بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

دوای ڕێز و سلاو...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، داواکارین کە (پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

| ژ | ناو | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | (واژوو) |
| ٢ | عبدالسلام عبدالله حسن دوڵەمەری | (واژوو) |
| ٦ | عباس فتاح صالح | (واژوو) |
| ٤ | خدیجە عمر طە مزوری | (واژوو) |
| ٥ | بەهەن کاک عبدالله احمد علی | (واژوو) |
| ٦ | د. ڤالا عبدالله کریم | (واژوو) |
| ٧ | پێشەوا طاهر مصطفی | (واژوو) |
| ٨ | کاروان عبدالرحمن عبدالله (گەزنەیی) | (واژوو) |
| ٩ | لقمان احمد حاجی عمری | (واژوو) |
| ١٠ | شیرین یونس عبدالله | (واژوو) |
| ١١ | لیزا فەلەکەدین طاهر کاکەیی | (واژوو) |
| ١٢ | زیاد جبار محمد | (واژوو) |

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

لیژنەی ... ڕاوبۆچوونی بەڕێزتان لە بارەیەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

١١/١١

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | جمال حمزة مستم نا | |
| ١٤ | د. صباح محمود محمد | |
| ١٥ | جوان يونس محمد | |
| ١٦ | محسن حسين صالح | |
| ١٧ | ويس سلمه حميد ويس | |
| ١٨ | رزگار عيسا سوار | |
| ١٩ | فيصل عباس عبد الله | |
| ٢٠ | زكري احمد اسماعيل | |
| ٢١ | سليمه فاتح توفيق | |
| ٢٢ | گوران محمد عالي | |
| ٢٣ | جلال محمد امين | |
| ٢٤ | | |
| ٢٥ | | |
| ٢٦ | | |
| ٢٧ | | |
| ٢٨ | | |
| ٢٩ | | |
| ٣٠ | | |

# پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆمالییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی -١-

ئەم زاراوانەی لای خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

سێیەم: وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازی

چوارەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی: بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بە دواداچوون لە وەزارەت.

پێنجەم: بەرهەمە خۆمالییەکان: کالای پیشەسازی یان کشتوکالی بەرهەمهێنراو لە ناوخۆی هەرێم وعێراق.

شەشەم: بەرهەمی هاوشێوە: بەرهەمی خۆمالی هاوشێوەی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم یان لێکچوویەتی بەرادەیەکی زۆر لە رووی سیفات یان بەکارهێنانەوە، هەرچەندە هاوشێوە نەبن.

حەوتەم: بەرهەمهێنەری خۆمالی: ئەو بەرهەمهێنەرانەن کە کۆی گشتی یان زۆرینەی ڕەهای بەرهەمی هاوشێوە بەرهەم دەهێنن، بەمەرجێك بەرهەمی نوقمکار یان پالپشتیکراو هاوردە نەکات و پەیوەندیدار نەبێت بە بەرهەمهێنەر یان هاوردەکاری ئەو بەرهەمانە.

هەشتەم: نوقمکردن: هاوردەکردنی بەرهەمێك بۆ هەرێم بە نرخێکی کەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی لە بازاڕی ولاتی هەناردەکار.

نۆیەم: پالپشتیکردن: ئەو بەشدارییە دارایە کە دەولەتی سەرچاوە (المنشأ) یان هەناردەکار بە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ پێشکەشی دەکات و دەبێتە مایەی دەستەبەرکردنی سوود بۆ ئەو کەسانەی هەلدەستن بە بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان یان گواستنەوەیان یان فرۆشتنیان یان هەناردەکردنیان.

دەیەم: زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە: زێدە هاوردەکردنی بەرهەم بۆ هەرێم، ئەگەر نوقمکار یان پالپشتیکراویش نەبێت، بە جۆرێك ببێتە هۆکاری زیان گیاندن بە بەرهەمە خۆمالییە هاوشێوەکان.

یازدەهەم: زیان : ئەو زیانانەن کە روویانداوە یان ئەگەری روودانیان هەیە، و دەبنە هۆی ئاستەنگ دروستکردن لە بەردەم کەرتی پیشەسازی یان کشتوکالی خۆمالی، بەهۆی نوقمکردن یان پالپشتیکردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.

دوازدەهەم: پیادەکاری زیانبەخش: نوقمکردن یان پالپشتیکردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردەیە.

سێزدەهەم: پەراوێزی نوقمکردن: جیاوازی نێوان بەهای ئاسایی بەرهەمی هاوردەکراو و نرخی هەناردەکردنیەتی.

چواردەهەم: بەهای ئاسایی: بریتییە لەو نرخەی کە بەرهەمە هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەردەم بەکاربەر لە خوودی ولاتی هاوردەلێکراو.

پازدەهەم: ڕێنمایی: بریتییە لەو ڕێنماییە هاوبەشەی لە لایەن وەزارەتەکانی بازرگانی وپیشەسازی، و کشتوکال وسەرچاوەکانی ئاو، ودارایی و ئابووری دەردەچوێنرێت.

ماددەی -٢-

حوکمەکانی ئەم یاسایە  لە سەر ئەو پیادەکاریە زیانبەخشانە جێبەجێ دەکرێت کە دەبنە هۆی زیان گەیاندنی کردارەکی یان ئەگەری زیان گەیاندن بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی.

ماددەی -٣-

یەکەم: بەرهەمهێنەری خۆماڵی  یان نوێنەرە یاساییەکەی، یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەوە  داواکاری نووسراو پێشکەش بە وەزیر دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش بەم دوو مەرجەی خوارەوە:

١. داواکارییەکە ئەو زانیاری و بەڵگەنامانە لە خۆ بگرێت کە ڕوودانی پیادەکاری زیانبەخش وکەوتنەوەی زیان وبوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا، دەخەنە ڕوو.

٢. داواکارییەکە پشتگیری کراو بێت لە لایەن بەرهەمهێنەرە خۆمالیەکان بە مەرجێك ڕێژەی بەرهەمهێنانیان زیاتر بێت لە ٥٠٪ ی پێداویستی ناوخۆی بەکاربەر.

دووەم : داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆمالی، لە لایەن بەرهەمهێنەرە نێوخۆییەکان یان بەڕێوبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆمالیەکان لە وەزارەتی کشتوکال پێشکەش دەکرێت، ئەگەر پیادەکاری زیان بەخش پەیوەندی بە بەرهەمی کشتوکالی هەبوو.

سێیەم أ- بەڕێوبەرایەتی گشتی تاوتوێکردن و دڵنیابوون لە هاتنەدی ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون لە ئەستۆ دەگرێت.

ب- بەڕێوبەرایەتی گشتی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی داواکاریەکە ڕاسپاردەی خۆی بۆ وەزیر بەرزدەکاتەوە.

چوارەم: أ- وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی لە نووسینگەکەی بڕیار دەربارەی دەستکردن بە لێکۆڵینەوە یان ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە دەدات.

ب- پێشکەشکاری داواکارییەکە بۆی هەیە لە بەردەم دادگای کارگێری و بەپێی یاسا، تانە لە بڕیارەکە بدات.

ج-ئەگەر وەزیر لە ماوەی دیاریکراو لە بەندی (سێیەم-أ)ی ئەم ماددەیدا بڕیاری یەکلاکەرەوەی نەدا ئەوا وەلام نەدانەوەکە بە ڕەزامەندی لە سەر دەستکردن بە لێکۆڵینەوە ئەژمار دەکرێت.

د-بڕیاری دەستکردن بە لێکۆڵینەوە لانیکەم لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی، لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بڵاودەکرێتەوە.

ماددەی -٤-

بەڕێوبەرایەتی گشتی بەڕەزامەندی وەزیر لە خۆوە بە بێ پێشکەشکردنی ئەو داواکارییەی لە ماددەی (٣)دا هاتووە، لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات، ئەگەر بەڵگەی پێویستی لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لە بەردەستدا بوو.

ماددەی -٥-

یەکەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی لە ماوەیەکدا کە بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت، دەست بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان سەبارەت پیادەکاری زیانبەخش و زیانە لێکەوتەکانی دەکات.

دووەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێکۆڵینەوەکە و لایەنە بەشداربووەکانی، بۆ پێشکەشکردنی هەر بەڵگەنامە و زانیارییەك، و گوێبیستنی وتەکانیان و گفتوگۆکردن دەربارەیان، وئەم لایەنانە ماف بینینی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەیان هەیە کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەکان ئەگەر نهێنی نەبن.

سێیەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی لە دروستی و وردی زانیاری و بەڵگەی پێشکەشکراو بۆ سەلماندنی پیادەکاری زیانبەخش و زیانە لێکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە، و بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت داوای هەر زانیارییەکی تر لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێکۆڵینەوەکە و لایەنە بەشداربووەکان بکات.

چوارەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرتاییەکان و ڕاسپاردەکانی لە ماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لەو ماوەیەی لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دیاریدەکرێت، ئاراستەی وەزیر دەکات.

ماددەی -٦-

وەزیر بۆی هەیە داوا لەهەر لایەنێکی پەیوەندیدار بکات، چ گشتی بێت یان تایبەت، بۆ ئەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بخەنە بەردەستی.

ماددەی -٧-

وەزیر لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕاسپاردەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی و ئەو زانیاریانەی بەردەستێتی لە ماوە (١٥) ڕۆژدا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات .

ماددەی -٨-

یەکەم: وەزیر دەتوانێت لە هەر کاتێکدا لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیار لە ڕاگرتنی لێکۆڵینەوەکان یان کۆتایی پێهێنانیان بدات، لە هەردوو باری نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن، بەبێ سەپاندنی ڕێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن یان ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوە، لەم بارانەی خوارەوەدا:

أ. هاوردەکار بەڵێننامە پێشکەش بکات، تێیدا بەڵێن بدات بە پێداچوونەوەی نرخەکان یان ڕاگرتنی هاوردەکردنی بۆ هەرێم بە نرخی نوقمکار یان پاڵپشتیکراو.

ب. ئەگەر دەوڵەتی پاڵپشتیکار بەڵێننامەیەکی بە هەڵوەشاندنەوەی پاڵپشتیەکە پێشکەشکرد.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بڕیار بدات بە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان وێڕای قبوڵکردنی ئەو بەڵێننامەیەی کە لە برگەی (یەکەم) ی ئەم مادەیەدا هاتووە.

ماددەی -٩-

یەکەم: وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیاری کۆتایی پێهێنانی لێکۆڵینەوەکان دەدات، بەبێ گرتنەبەری ڕێوشوێن، لە یەکێك لەم بارانەی لای خوارەوە:

أ-ئەگەر بەڵگەنامەی پێشکەشکراو لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش یان جۆری زیانە لێکەوتەکانی، باوەڕپێهێنەر نەبوو.

ب-ئەگەر داواکاریەکە بە هۆکاری بە پاساو بکێشرێتەوە و ئەم ڕێکارەش پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی نەبێت.

ج-ئەگەر پەروایزی نوقمکردن لە ٢٪ لە نرخی هەناردکردن کەمتر بێت یان ڕێژەی پالپشتیکردن لە (١٪) کەمتر بێت یان زیانەکە زۆر کەم بێت.

دووەم: وەزیر لە کاتی کۆتایی پێهێنانی لێکۆڵینەوەکان بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەردەکات:

أ-کۆتایی پێهێنانی ئەو ڕێوشوێنە بەپەلانەی گیراونەتەبەر و گەراندنەوەی بری ئەو بارمتە (تأمینات) یان دەستەبەرانەی کە لە ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایە دا هاتووە.

ب-هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەڵێننامانەی بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە قبوڵکراون.

ماددەی -١٠-

یەکەم: ئەگەر وەزیر بڕیاری بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانی بکات، ئەوا بەڕێوبەرایەتی گشتی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە تەواویان بکات:

أ: ئەگەر پەیوەست بێت بە زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە، لە ماوەی (٦) مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەستکردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕنەکات.

ب: ئەگەر پەیوەست بێت بە پاڵپشتیکردن یان نوقمکردن لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەستکردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕنەکات.

دووەم: تاوتوێکردنی داواکاری وەرگرتنی ڕیوشوێن دەربارەی بەرهەمێکی خۆمالی یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ڕێگر نابێت لەبەردەم تەواوکردنی ڕێکارەکانی گومرکی (التخلیص الکمرکی).

ماددەی ١١: ئەگەر داواکارییەکە پەیوەست بێت بە بەرهەمێکی کشتوکاڵی، ئەوا ئەو ماوانەی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی دەرکردنی بڕیار، ئاماژە پێدراو لە ماددەکانی پێشوو، کەم دەکرێتەوە بۆ دوو لە سەر سێی ئەو ماوەیە، لە وەرزی کشتوکاڵی بەرهەمی بابەتی لێکۆلینەوەکان.

ماددەی -١٢-

یەکەم: وەزیر لەسەر راسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیاری گرتنەبەری ڕێکاری خێرا بەرامبەر بە بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە دەردەکات، ئەگەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامە سەرەتایی کە پیادەکاری زیانبەخش بوونی هەیە، بەمەرجێك بەلانی کەم (٣٠) رۆژ بەسەر دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەدا تێپەڕبووبێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- سەپاندنی رەسمی نوقمکردن لەسەر بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە کە بەشێوەی بارمتە (تأمینات) لە لای دەستەی گشتیی گومرگەکان سپاردە دەکرێت.

ب- پابەندکردنی کەسی هاوردەکار بە پێشکەشکردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بە بڕی پەراوێزی نوقمکردن.

جـ- پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار لە وڵاتانی پاڵپشتیکار بە پێشکەشکردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بۆ دەستەی گشتیی گومرگەکان بەو بڕەی هاوتایە لەگەڵ پاڵپشتی پێشکەشکراو.

د- لە حاڵەتی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە، زیادکردنی رەسمی گومرگی یان پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار بە پێشکەشکردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بۆ دەستەی گشتیی گومرگەکان بەو بڕەی هاوتایە لەگەڵ ئەو زیانەی بە بەرهەمهێنەرە خۆماڵییەکان کەوتووە و لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتییەوە دیاریکراوە.

هـ- پابەندکردنی کەسانی هاوردەکاری بەرهەمی هاوردەکراو بەوەی ئەو بەڵێننامەی لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە پێشکەش بە وەزارەت بکەن.

دووەم: دەستەی گشتیی گومرگەکان، و بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی، ئەو ڕێوشوێنە بەپەلانەی کە لە برگەی (یەکەم) هاتوون، لە ڕێکەوتی راگەیاندنی لە دوو رۆژنامەی رۆژانەدا، دەسەپێنن.

سێیەم: أ- ئەگەر بڕیارێك دەرچوو بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆتایی ئەوا ڕێکارە بەپەلەکان کۆتایی پێدەهێنرێت و رەسمی قەرەبووکردنەوە و گومرگی سەپێندراو وەردەگیرێت و بارمتەکان یەکلادەکرێنەوە و دەستەبەرە پێشکەشکراوەکانیش هەڵدەوەشێندرێنەوە.

ب- ئەگەر بڕیار دەرچوو بە وەرنەگرتنی ڕێوشوێنی کۆتایی، ئەوا دەستەبەرەکان هەڵدەوشێندرێنەوە و ئەو بارمتانەی پێشکەشکراون دەگەڕێندرێنەوە.

ماددەی -١٣-

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێکاری بەپەلە رابگرێت ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەم ڕێکارە لێکەوتەی نەرێنی هەبووە لەسەر بەرهەمهێنەری خۆماڵی تر یان بەکاربەران یان بەرژەوەندی گشتی.

ماددەی - ١٤-

بەڕێوبەرایەتی گشتی لە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە ڕاسپاردەی ئاراستەی وەزیر دەکات، پاڵپشت بە بەڵگەی بابەتییانەی هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتێکی گشتگیردا، تیایدا ئەو دەرئەنجامانە دەخاتەڕوو دەربارەی پیادەکاری زیانبەخش و زیانە لێکەوتەکانی پێیگەیشتووە.

ماددەی -١٥-

یەکەم: وەزیر لەژێر رۆشنایی راسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی کە لە ماددەی (١٤) ی ئەم یاسایەدا هاتووە، بڕیار بەسەپاندنی ڕێوشوێنی کۆتایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش دەردەکات بەو مەرجەی جۆر و قەبارە و ئاستی پیادەکردنی ڕێوشوێنەکە لە خۆبگرێت و ئەم بڕیارە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ پەسەندکردنی.

دووەم:

أ. ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ بڕیاری وەزیر پەسەند یان رەتبکاتەوە، و ئەم بڕیارەش شیاوی تانە لێدانە لە بەردەم دادگای کارگێری بە پێی یاسا.

ب. ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران لەو ماوەیەی لە خالی (أ) دیاری کراوە بڕیاری نەدا ئەوا بڕیاری وەزیر بە پەسەندکراو دادەنرێت.

ماددەی -١٦-

وەزیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش ئەم رێوشوێنە کۆتاییانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

یەکەم: رێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن: بە سەپاندنی رەسمی نوقمکردن بە جۆرێك یەکسان یان زیاتر بێت بە پەراوێزی نوقمکردن.

دووەم: رێوشوێنی قەرەبووکردنەوە: بە سەپاندنی رەسمی گومرگی قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسا کە یەکسان بێت لەگەڵ بڕی پالپشتیکردنی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم.

سێیەم: رێوشوێنی خۆپاراستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە: بە دیارکردنی ئەو بڕەی پێویستە هاوردە بکرێت لە بەرهەمی هاوردەکراو، یان سەپاندنی پێناسی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردەکراو یان زیادکردنی پێناسەکە یان هەر رێکارێك یارمەتی بەرهەمهێنەری خۆماڵی بدات لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ بەرهەمی هاوردەکراو بەو مەرجەی ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی.

ماددەی -١٧-

یەکەم: لە گرتنەبەری رێوشوێنی کۆتایی رەچاوی ئەوە دەکرێت، کە بەبڕی پێویست بێت بۆ بەرگرتن لە زیان یان لابردنی زیان، و دەرفەت بداتە بەرهەمهێنەری خۆماڵی بارودۆخی خۆیی لەگەڵ بەرهەمی هاوردەکراو و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم بگونجێنێت.

دووەم: نابێت بڕی ئەو رەسمە گومرگییانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن یان پالپشتیکردن بەپێی یاسا دەسەپێندرێت، زیاتر بێت لە پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پالپشتیکردن، و دەکرێت بە بڕێکی کەمتر دیاری بکرێت ئەگەر ئەو بڕە مسۆگەری لابردنی زیان بکات، و هەر زیادەیەك لە رەسمی گومرگیی وەرگیراو کە زیاترە لە پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پالپشتیکردنی لا دەبرێت.

سێیەم: نابێت ماوەی جێبەجێکردنی رێوشوێنی کۆتایی زیاتر بێت لەو ماوەیەی کە بە رێنمایی ڕێکدەخرێت.

چوارەم: نابێت هەمان بەرهەمی هاوشێوەی هاوردەکراو لە هەمان کاتدا بۆ ڕێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن و ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوە ملکەچ بێت ئەگەر لە یەك کاتدا هەم بە نوقومکەر و هەم بە پالپشتیکراو دابنرێت.

ماددەی -١٨-

بەڕێوبەرایەتی گشتیی گومرگەکانی هەرێم، بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی، ڕێوشوێنی کۆتایی دەسەپێنێت.

ماددەی -١٩-

ئەگەر گرتنەبەری ڕێوشوێن ڕەتبکرێتەوە ئەوا داواکار بۆی نییە داواکارییەکی تر پاڵپشت بەهەمان ئەو وەقایع و هۆکارانەی لە داواکاری یەکەمیدا هاتوون، بەر لە بەسەرچوونی ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی بڕیاری وەزیر پێشکەش بکات.

## حوکمی گشتی و کۆتایی

ماددەی -٢٠-

بەرهەمە خۆمالییەکان ، پشت بەست بە بنەمای مامەڵەی هاوشێوە ، لە دەرەوەی هەرێم پارێزراو دەبن.

ماددە - ٢١ -

یەکەم: بەڕێوبەرایەتیەك بە ناوی بەڕێوبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵیەکان بە جیا لە هەردوو بەڕێوبەرایەتیی گشتی پلاندانان و بە دواداچوونی وەزارەتەکانی بازرگانی وپیشەسازی، و کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو دادەمەزرێت.

دووەم: هەر بەڕێوبەرایەتیەك لەوانەی لە برگەی (یەکەم)دا هاتووە، بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەم تۆمارنامانەی خوارەوە دەبێت:

١. تۆمارنامەی نوقمکردن.

٢. تۆمارنامەی پالپشتیکردن.

٣. تۆمارنامەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.

ماددەی -٢٢-

یەکەم: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم هێمای جیاکەرەوەی بەرهەمە خۆمالییـەکان دیاریدەکات، و بە هەماهەنگی لەگەل ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدرال کار بۆ بە دەستهێنانی بارکۆدی نێودەولەتی بۆ بەرهەمە خۆمالییـەکان دەکات.

دووەم: دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم گرنگی بە بەرهەمهێنانی خۆماڵی دەدەن لە بەکاربردن و گرێبەستەکانیدا.

سێیەم: ڕێژەیەك کە لە (٢٠%) کـەمتر نەبێت لەداهاتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، تەرخاندەکرێت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی خۆماڵی.

ماددەی -٢٣- ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچوێنرێت.

مادده –٢٤- کار بە دەقی هیچ یاسا ناکرێت کە لە لەگەل حوکمەکانی ئەم یاساییە ناگونجێت.

مادده – ٢٥- ئەنجوومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاساییە جێبەجێ دەکەن.

ماددەی –٢٦- ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بەمەبەستی خۆ گونجاندن لەگەلٚ ئەو گۆ ڕانکاریانەی هاتوونەتە ئاراوە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فیدرالدا لە چوارچێوەی پەیوەندییە بازرگانییە جیهانیەکاندا و بونیاتنانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکالٚی خۆماڵی و پاراستنیان لە پیادەکاری زیانبەخش کە دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی ڕەگەزەکانی کێبڕکێ ی ڕەواو داوەرانە ، وە بەمەبەستی ڕەخساندنی دۆخێك بۆ بەرهەمهێنە خۆماڵیەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان وئامادەکردنیان بۆ کێبڕکێ کردنی لە بازاڕە ناوخوی و بیانیەکاندا ئەم یاسایە دەرچوێنرا.